رووداو وەرزشی
WWW.RUDAW.NET
ژمارە (508) سێشەممە 2018/7/24 2ی خەرمانان - 2718 (500) دینار
رۆژنامەیەكی وەرزشی هەفتانەیە كۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری كۆمپانیای كورەك تیلیكۆم دەریدەكات



## تەنیا لە مۆندیالی 2018ی رووسیادا..

# سەرۆكی كرواتیا 467 كەسی لەئامێزگرتووە

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

ماڵپەڕی OPTAی تایبەت بە ئامارەكان، لەبارەی سەرۆكی كرواتیا ئامارێكی سەیری بڵاوكردووەتەوە، كە تایبەتە بە مۆندیالی رووسیای 2018 و لەئامێزگرتنەكانی ئەو خانمە سەرۆكە.

كۆلیندا گرابار كیتارۆڤیتچ، خانمە سەرۆكی كرواتیا، لە مۆندیالی رووسیادا زۆرترین سەرنجەكانی بۆ خۆی راكێشا، نەك لەبەر شۆخ و شەنگییەكەی یان شێوازی هاندانی یاریزانەكانی هەڵبژاردەی وڵاتەكەی، بەڵكو بەهۆی ئەوەی هەموو كەسێكی لەئامێز دەگرت. هەر ئەوەش OPTAی هانداوە ئامارێكی تایبەت بە حاڵەتەكانی لەئامێزگرتنی سەرۆكە ژنەكەی كرواتیا بڵاوبكاتەوە. بەپێی ئامارەكانی ماڵپەڕی OPTAی جیهانی، سەرۆكی كرواتیا تەنیا لە مۆندیالدا 96 یاریزانی لەئامێزگرتووە، هەروەها 36 كەسایەتی كارگێڕیی و 9 راهێنەر و 7 ناوبژیوانی لەئامێز گرتووە".

ئەوەی زیاتر لە لەئامێزگرتنەكانی كۆلیندا گرابار كیتارۆڤیتچ، جێی سەرنج بوو ئەوەبوو كە ئەو سەرۆكە دوور لە هەموو لەخۆباییبوون و خۆبەزلزانینێك هەمووانی لەئامێز دەگرت، بێئەوەی سەیری پلە و پێگەیان بكات، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی كە ئامارەكەی OPTA دەریخستووە، كە كۆلیندا گرابار كیتارۆڤیتچ لە مۆندیالدا 5 سەرۆك وڵات و 314 هاندەریشی لەئامێزگرتووە. كەواتە لە مۆندیالی رووسیادا، خانمە سەرۆكی كرواتیا 467 كەسی لە ئامێزگرتووە.

## یوڤێنتوس نەك رۆناڵدۆ، (جیهانی رۆناڵدۆ)ی كڕیوە..




3

# دەرگای بەهەشت كرایەوە

## زۆرانبازە كوردەكە ناچارە واز لە وەرزش بێنێت

2

2

زاخۆ نەگەڕێننەوە خولی عێراق سكاڵا تۆمار دەكات



5

**سیزار مینۆتی:**
دەمەوێ تەقە لە یەكێتی تۆپی پێی ئەرجەنتین بكەم



خشتەی خولی تۆپی پێی ئینگلتەرا 2018 ـ 2019



راستەوخۆ ئاگاداری رووداوەكانی جامی جیهانی 2018 بە!
ئێستا ئەپڵیكەیشنی كاپتن كورەك دابەزێنە
بۆ وەرگرتنی ماوەی تاقیكاری بەخۆڕایی!
Captain KOREK
korektel.com
411
KOREK Telecom



## بەشداریکرد

ڕۆژی 2018/7/21 کۆنفرانسی نێودەوڵەتی تێدئێکس نیشتیمان لە هەولێر بەڕێوەچوو، کە تێیدا 12 قسەکەر لە بوارە جیاوازەکاندا باسی ئەزموونی کار و ڕێگەی سەرکەوتنەکانیان کرد. یەکێکیان نوژین مستەفای کچە کوردی خاوەن پێداویستی تایبەت بوو، کە خەڵکی شاری کۆبانێیەو بە سیمبولی کچانی پەنابەری ڕۆژئاوای کوردستان ناسراوە. ئەو لەسەر کورسییە خولاوەکەی لەسەر پشتی کەشتییەکی بچووک لە ئەیلوولی 2015، گەشتێکی 5 هەزار کیلۆمەتری ئەنجامدا بۆ ئەوەی لەدەست مەینەتییەکانی جەنگ رابکات. نوژین یەکێکە لە هاندەرە سەرسەختەکانی بارسیلۆنا و مێسی، کە بەو هۆیەوە ساڵی رابردوو مێسی بانگهێشتی بارسیلۆنای کرد. ئەوکات بە (رووداو)ی گوت «بە کوردی قسەم لەگەڵ مێسی کرد».

### ئارامیر، پاڵەوانی کوردی زۆرانبازی ئازاد:

# بەهۆی ئازاری ملەوە خەریکە واز لە وەرزشەکەم دەهێنم



**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

ئارامیر، پاڵەوانی کورد لە یاریی زۆرانبازی ئازاد، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند، تاوەکو ئێستا هیچ کەس و لایەن و کۆمپانیایەک لە کوردستان سپۆنسەری بۆ ناکەن، هەرچەندە ئەو بە ناو و ئاڵای کوردستانەوە لە چەندین وڵاتدا بەشداریی پاڵەوانیەتییەکانی زۆرانبازی دەکات.

ئارام ساڵح، ناسراو بە «ئارامیر»، پاڵەوانێکی کوردەو لە مۆسکۆی پایتەختی رووسیا نیشتەجێیە، ساڵی 2013 دەستی بە یاریی زۆرانبازیی ئازاد کردووەو خۆی دەڵێت، لە کۆتایی ساڵی 2013 بەشداریی یەکەم پاڵەوانیەتیی کردووە لە تایلاندو لەوێ بە ئاڵای کوردستان رکابەریی کردووەو بەرامبەر دوو زۆرانباز یاریی کردووە، کە یەکێکیان رامبۆلی فەرەنسی و ئەوی دیکەش بیگ هیرۆی تایلاند بووە.

ئارامیر دەڵێت «لە یەکەم پاڵەوانیەتیمدا توانیم پلەی یەکەم و پشتێنی پاڵەوانیەتییەکە بەدەستبێنم، کە یەکەم کوردم ئەو نازناوەم بەدەستهێناوە، ماوەی 3 ساڵیش هەڵگری پشتێنەکە بووم، بەڵام لە 2016 خۆم دەستبەرداری نازناوەکە بووم، چونکە نازناوی زۆرانبازیی خۆم لە «بریڤ تایگەر»ەوە بۆ «ئارامیر» گۆڕی، چونکە ناوەکە کوردییە و ناوی خۆمە».

هەروەها دەڵێت «ئەم گۆڕانکارییە وایەکرد لە ئامانجەکانم پاشەکشێ بکەم، بەڵکو هەر لە 2016 بەشدارییم لە پاڵەوانیەتیی KWF ئینتەرناشیوناڵ ریستڵ ستار کردو توانیم بۆ یەکەمجار نازناوی (پاشای حەلەبە) بەدەستبهێنم».

ئارامیر، کە هاونیشتیمانیی باشووری کوردستانە، تاوەکو ئێستا زیاتر لە 67 یاریی کردووە لە وڵاتانی مالیزیا، تایلاند، هیندستان، ئوردن و رووسیا. بە گوتەی خۆی تاوەکو ئێستا بەشداریی 8 پاڵەوانیەتیی نێودەوڵەتی و 6 پاڵەوانیەتیی KWF ئینتەرناشیوناڵ ریستڵ ستاری کردووە، کە لە تایلاند، هیندستان و ئوردن کراون، هەروەها دوو پاڵەوانیەتییش لە مۆسکۆ کراون.

ئەو پاڵەوانە کوردە، دەڵێت «لە هەموو پاڵەوانیەتییەکاندا لەسەر ئەرک و گیرفانی خۆم، بە ناو و ئاڵای کوردستانەوە بەشداریم کردووە، کە هەندێجاردا ناو و ئاڵای کوردستان کێشەو گرفتی زۆری بۆ دروستکردووم، بەڵام من خۆڕاگربوومەو قسە و هەوڵی ناحەزان ساردم ناکەنەوە، چونکە ئەوە وەفای منە بۆ خوێنی شەهیدانی کوردستان».

ئارامیر، کە جەستەیەکی بەهێز و باڵایەکی درێژی هەیە، لەنێو حەڵەبەدا تەکنیک و جوڵەی سەرنجڕاکێشی هەیەو بۆ رکابەرەکانی ترسناک دەردەکەوێت. بەڵام ئەو ئێستا کێشەی هەیەو دووچاری ئازارێکی زۆر بووە لە ملیدا. ئەو بە (رووداوی وەرزشی) گوت «بەهۆی ئازاری ملەوە لە رکابەرییەکان دابڕاوم، ئەمەش وایکرد نازناوی پاڵەوانی کیشوەری ئەفریقاو پاشای حەلەبە لەدەستبدەم، چونکە پێویستیم بە چارەسەرە، توانای داراییشم باش نییەو چارەسەرکردنەکەش توانایەکی باشی دەوێت».

ئارامیر دەڵێت «تاوەکو ئێستا هیچ دەزگەیەکی حکومی و حزبی لە کوردستان سپۆنسەریی منیان نەکردووە، هەموو بەشدارییەکانم لە ئەستۆی خۆم بووە، لە کاتێکدا من بە ناوی کوردستانەوە بەشداریی دەکەم و ئاڵای کوردستان بەرزدەکەمەوە، هیچ کاتێکیش باسی کێشە داراییەکانی خۆم نەکردووە». ئارامیر هەروەها ئاشکرایدەکات «ئەگەر یەکجار بە ناوی عێراق بەشدارییم بکردایە، ئێستا سپۆنسەری باشم دەبوو، بەڵام من ئەو کارە ناکەم».

ئارامیر داوا لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی کوردستان دەکات، هاوکاری بکەن و پاڵپشتی و سپۆنسەریی بکەن، بۆ ئەوەی بتوانێت چارەسەری ئازاری ملی بکات و بەهێزەوە بگەڕێتەوە نێو حەلەبەکانی زۆرانبازیی ئازادو جارێکی دیکە ناو و ئاڵای کوردستان بەرزبکاتەوە.

> «بەداخەوە تاوەکو ئێستا هیچ کەس و لایەنێک سپۆنسەرییان نەکردووم»

> «یەکجار ناوی عێراقم بهێنایە، ئێستا سپۆنسەری باشم دەبوو»

### ڕێژەن فوئاد، پاڵەوانی لەشجوانی کوردستان:

# بە پارەی خۆم بەشداری لە پاڵەوانیەتی ئاسیادا دەکەم



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - سلێمانی**

ڕێژەن فوئاد، یاریزانی لەشجوانی شاری سلێمانی، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند، لەسەر ئەرکی خۆی بەشداری لە پاڵەوانیەتی ئاسیا دەکات و گوتی «زیاتر لە 10 هەزار دۆلارم پێویستە بۆ ئەو بەشداریکردنە، دەمەوێ بگەمە پاڵەوانیەتی جیهانی».

ڕێژەن فوئاد، چەندین ئەنجامی بەرچاوی لەسەر ئاستی کوردستان بەدەستهێناوە، ئەمجارە دەیەوێ هەنگاوێکی دیکە بچێتە پێشەوە، بۆیە بڕیاریداوە بەشداری لە پاڵەوانیەتی ئاسیا بکات، کە پاڵەوانیەتیەکی کراوەیەو مانگی 10ی ئەمساڵ لە هیندستان بەڕێوەدەچێت.

لەبارەی ئامادەکارییەکانی وەک تاکە یاریزانی کورد، کە بڕیاری بەشداریکردنی داوە، ڕێژەن فوئاد بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ماوەیەکی زۆرە لە ئامادەکاریدام بۆ ئەوەی بەشداری لە پاڵەوانیەتی ئاسیای کراوەدا بکەم، ئامادەکارییەکانم چڕن بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەستبێنم، کە لە کێشی 75 کگم بەشدار دەبم».

لەبارەی هاوکاریکردنیشی، ڕێژەن گوتی «هاوکاریکراوم، بەڵام لەو ئاستەدا نییە کە بتوانم پاڵەوانیەتییەکەی پێ تەواو بکەم، چونکە 3 بەشی خەرجییەکانی لەسەر گیرفانی خۆم دەبێ». هەروەها گوتیشی «لە هیچ یانەیەک نیمە، بەناوی خۆم بەشداری دەکەم، ئامانجیشم گەیشتنە بە پاڵەوانیەتی مستەرئۆلۆمپیاتی جیهانی، بۆ ئەوەی لەوێ بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداری بکەم و بە ئەنجامی گەورە بگەڕێمەوە».

### داوای 3 خاڵەکەی دەکاتەوە..

# زاخۆ دەیەوێ بگەڕێتەوە خولی نایابی عێراق



**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

بەرپرسی راگەیاندنی یانەی وەرزشیی زاخۆ، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند، لە رێگای یەکێتی تۆپی پێی عێراقەوە دەرگای گفتوگۆمان کردووەتەوە بۆ ئەوەی ئەو 3 خاڵەی لە ئێمەیان وەرگرتبوو بۆمان بگەڕێننەوە».

تیپی تۆپی پێی یانەی زاخۆ، ئەمساڵ تاکە یانەی باشووری هەرێمی کوردستان بوو بەشداری لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراق بکات، بەڵام وەک بەرپرسانی باسی دەکەن، بەهۆی کۆمەڵێک گرفتی چاوەڕواننەکراوەوە تیپەکە دابەزی بۆ خولی پلە یەکەکانی عێراق.

هشیار دووبانکی، بەرپرسی راگەیاندنی یانەی زاخۆ، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «کۆمەڵێک ئەگەر هەبوون بۆ دابەزینی یانەی زاخۆ بۆ خولی پلە یەک، ئێمە لە ماوەی 10 رۆژدا تیپێکمان دروستکرد بۆ بەشداریکردن لە خولی نایابی عێراق، نێوانی هەرێم و بەغداش باش نەبوو، هیچ سەربازگەیەکی مەشقیمان نەبوو، لە کاتی بەشداریکردنمان لە خولەکە یەک دینارمان نەبوو، کاتی گواستنەوەی یاریزانانیش تەواو بووبوو، نەمانتوانی گرێبەست لەگەڵ هیچ یاریزانێک بکەین». بەرپرسی راگەیاندنی یانەکە، ئەوەی نەشاردەوە کە حکومەت بڕە پارەیەکی باشی پێیانداوە، بەڵام پارەکە لە کاتی پێویست نەگەیشتووەتە دەستیان «ئێمە راهێنەرمان بۆ خولی کوردستان هێنابوو نەک بۆ خولی عێراق، نیو قۆناخمان بەڕێکرد یەک دینارمان بۆ سەرف نەکرا بوو، لە ریزبەندی یانەکان لە پلەی حەڤدەم بووین، یەک قۆناخ تەواوبوو ئێمە هەر پارەمان وەرنەگرت، کارەکانمان بە قەرز بەڕێوە دەچوون، لە قۆناخی دووەم بڕێک پارەمان بۆ سەرفکرا، ئەویش بە شێوازی قیست». ناوبراو هەروەها گوتی «ئێمە داوای ملیارێک و 490 ملیۆن دینارمان کردبوو، ئەوان ملیارێک و 200 ملیۆنیان بۆ سەرفکردین، بەڵام بە قیست، هەر مانگێک 100 ملیۆن دەدەن، لە مانگی 10 بەشداری خولەکەمان کردووەو ئەوان لە مانگی 4 پارەیان بۆ سەرفکردین، کە ئەوان پارەیان بە ئێمە دا کاتی گواستنەوەی یاریزانان کۆتایی هاتبوو، بۆیە نەمانتوانی هیچ یاریزانێک بهێنین، بە یەک پێکهاتە بەشداری دوو خولمان کردووە، نێوانی یارییەک بۆ یارییەک یەک رۆژ بووە». یانەی زاخۆ، گلەیی لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیش هەیە، چونکە لە کاتی پێویست هاوکاری نەکردووە. لەو بارەوە دووبانکی گوتی «چەندینجار داوای دواخستنی یارییەکانمان لە خولی کوردستان کردووە ئەوان قبوڵیان نەکردووە». هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە هاوشانی کارگێڕی و راهێنەر و یاریزانان، کارگێڕی پێشووی یانەکەش بەرپرسە لەم شکستەی یانەکەیان «یاریزانی پیشەگەری لیبی سکاڵای تۆمارکردبوو، بەهۆی ئەوەوە 3 خاڵیان لە ئێمە وەرگرتەوە، ئەگەر ئەو 3 خاڵەیان لە ئێمە وەرنەگرتبایە، یانەکەمان لە خولی نایاب دەمایەوە». لەبارەی گەڕانەوەی یانەکەش بۆ خولی عێراقی، هشیار گوتی «شاندێک دەنێرینە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی عێراق، داوای گەڕانەوەی 3 خاڵەکە دەکەین، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق و هەموو ئەندامانی یەکێتییەکەش بەڵێنی هاوکاریان داوە، ئەگەر ئەم 3 خاڵەمان بۆ نەگەڕێننەوە، لای فیفا سکاڵا تۆمار دەکەین».

> «ئەگەر 3 خاڵەکەمان بۆ نەگەڕێننەوە لای فیفا سکاڵا تۆمار دەکەین»




KOREK Telecom



## بۆ لای رۆناڵدۆ

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەڤانی دووپاتیدەکەنەوە، رۆیشتنی ئەنخێل دی ماریای ئەستێرەی ئەرجەنتینی لە یانەی پاریس سانجێرمان مسۆگەرەو بە ئەگەری زۆر روو لە خولی ئیتاڵیا دەکات، لەگەڵ بوونی ئەگەرێکی کەم بۆ پریمەرلیگ یان لالیگا. ئەو سەرچاوانە دەڵێن «لەوانەیە دی ماریا روو لە یانەی ناپۆلی بکات بەهۆی کارلۆ ئەنچیلۆتی راهێنەری پێشووی، هەندێکیش دەڵێن ئەگەر ماریۆ مانزۆکیچی هێرشبەری کرواتی لە یوڤێنتوس بڕوات، لەوانەیە ئەو یانەیە دی ماریا بباتە ریزەکانی بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لەگەڵ کریستیانۆ رۆناڵدۆ کۆببکاتەوە».

دوای دەستەوارەکەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ..

# بەهەشتی تۆپی پێ دووبارە دەگەڕێتەوە



"تەمەنی بایۆلۆجی ئێستای جەستەی رۆناڵدۆ 23 ساڵە"



"دۆست و دوژمنانی خانمە پیرەکە دڵخۆشن بە دەستەوارەکەی رۆناڵدۆ"

ئا: ئیحسان تاهیر

دوور لە هۆکارەکانی گواستنەوەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ، یوڤینتۆس تەنیا خزمەتەکانی باشترین سەرەڕمی لە جیهان نەکڕیوە، بەڵکو خزمەتەکانی (جیهانی رۆناڵدۆ)شی کڕیوە.

لێرە باسی ئەو بزوێنەرە راگەیاندنییە گەورەیە دەکەین، کە لە هەموو شوێنێک بە دواوەی ئەو یاریزانەوەیە، دوای 20 خولەک لە راگەیاندنی فەرمی گواستنەوەی ئەفسانەکەی مەدرید، بەهای پێنوێنییەکانی یوڤینتۆس بە رێژەی 13% بەرزبووەوە، هەفتەی رابردوو بەهای بەرزبوونەوەی پێنوێنییەکان گەیشتە 40%، دوای یەک هەفتە لە دەنگۆ و راستیی، بەهای گشتیی یانەی یوڤینتۆس لە 700 ملیۆن یۆرۆ، بۆ 900 ملیۆن یۆرۆ بەرزبووەوە. لاپەڕی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە یانەکە بە گشتی بە رێژەی 3 ملیۆن سەوداسەر، لە ئیسنتاگرام، تویتەر و فەیسبووک زیادیکرد.

### ناوێک لە زێڕ

باسی یاریزانێک دەکەین جیاوازی دروستکرد، هەتا پێش ئەوەی قاچیش بخاتە سەر خاکی تۆرینۆ. هەروەها باسی ناوێک دەکەین، کە وا لە هاوتیپەکانی دەکات باشترین ئاستیان پێشکەش بکەن، باسی ناوێک دەکەین، کە هەموو یاریزانانی جیهان رادەکێشێت، تاوەکو لە تەکی یاری بکە ن.

راستەوخۆ دوای گواستنەوەی، باسی رۆژنامەکانیش بووە ئەگەری هێنانی مارسیلۆ، هەرچەندە دەنگۆی دوور لە راستین، بەڵام پێشتر کێ دەیوێرا، ناوی مارسیلۆ بە یوڤییەوە گرێ بدات؟. سەرۆکی ناپۆلی، ئەو شارەی زۆرترین رقی لە یوڤینتۆسە، دڵخۆشی خۆی بە گواستنەوەی دۆن بۆ یوڤی دەربڕی، لەبەرئەوەی باش شارەزای ئەو یارییەیە، ناوێکی راگەیاندنی گەورە، یەکسانە بە گرێبەستی سپۆنسەری گەورەتر بۆ کالچیۆ و یەکسانیشە بە پارەی زیاتر بۆ هەموو یانەکانی خولەکە، بە ناپۆلیشەوە. لە دوای هاتنی رۆناڵدۆی دیاردە بۆ ئینتەرمیلان، شەیدایانی کالچیۆ یاریزانێکی سوپەریان نەبینیوە، روو لە خولەکەیان بکات، هاتنی رۆناڵدۆ لە کاتی ئێستا، سەرنجی جیهانیش لەگەڵ خۆی دێنێت، بینەرانی ئەو خولە بە ملیۆنەها زیاتر دەبێت، بازاڕێکردنی بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، راکێشانی هاندەری تازە لە چین و چواردەوری، باسی ملیۆنەها دەکەین، کە دووبارە بەسەر کالچیۆدا دەبارێت.

### لە رووی تەکتیکەوە

بێگماسیمیلیانۆ ئالیگری ئەو بلیمەتە، تەواو دڵنیاییە، هەموو تواناکانی تیپەکەی دەردەخات، تاوەکو تۆپ بخاتە نێو هێڵی سزای رکابەرەکانی، ئەویدیکەش رۆناڵدۆ تەواوی دەکات. لە رووی تەکتیکەوە، رۆناڵدۆ بیرۆکەی پشتبەستن بە پاسی بەپانی بەشێوەیەکی زیاتر بۆ ئالیگری زیاد دەکات، مەترسی زیاتر لە تۆپی جێگیر دروست دەکات، چارەیەکی دیکە زیاد دەکات، ئەویش تۆپ لێدانە لە دەرەوەی هێڵی سزاوە، زێدەباری زیادکردنی پێشەوا و هاندەرێک لەسەر یاریگە، لە هەموو ئەوانەش گرنگتر، ترسی زیاتر دەخاتە دڵی بەرگریکاران، کە هەر خۆیان لە گوێبیستبوونی ناوی گۆنزالۆ هیگواین دەلەرزین.

### خود و جەستە

مامۆستایەکی زانکۆ پەنجەی لەسەر بابەتی خوێندنەوەی خود و جەستە داناوە، وەک نموونە کەسی لە رۆناڵدۆ باشتر نەدۆزییەوە، ئەو پیاوە هەموو شتێکی بچووک و گەورە لە بارەی جەستەی خۆی دەزانێت، باسی وەرزشوانێک دەکەین کە تەمەنی 33 ساڵانە، بەڵام لە رووی جەستەوە، لەگەڵ بەهێزترین و خێراترین بەرگریکارانی جیهان، دەتوانێت هەموو ململانێیەکی دوو قۆڵی بباتەوە. هەنێک دەڵێن «دانی 250 ملیۆن یۆرۆ بە یاریزانێک لە تەمەنی ئەو (لە گواستنەوە، مووچە و پاداشت) شێتییە»، بەڵام بۆ رۆناڵدۆ وانییە، چونکە ئەو پیاوە بەلایەنی کەمەوە، دەتوانێت 3 ساڵ بە ئاستێکی بەرز یاری بکات. ئەو باش دەزانێت، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بەشێکی زۆر لە بەهرەکانی و نەرمییەکەی لەدەستدەدات، بۆیە بڕیاری داوە هزر و جەستەی بۆ ناوەندێک بگۆڕێت، کە پێویستی بە کاری جەستەیی زۆر نەبێت، بەبەراورد بە ناوەندەکانی دیکەی، بڕیاریداوە ببێتە یاریزانی سندوق و دینامۆی گۆڵکردن، خۆی دەڵێت بەمشێوەیە دەتوانێت تاوەکو تەمەنی 41 ساڵیی بەردەوام بێت، بەڵام وەک خۆی دەڵێت «تەمەنی بایۆلۆجی ئێستای جەستەی من 23 ساڵە». وشەی بایۆلۆجی دەستەواژەیەکە، رۆناڵدۆ لە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ پیدرۆل بەکاریهێناوە، ئەو پیاوە بەباشی ئاگای لە تواناکانی جەستەی خۆی هەیە.

### بۆشایی رۆناڵدۆ لە ریال مەدرید

بە قسەکردن لەسەر ریال مەدرید، پڕکردنەوەی شوێنی رۆناڵدۆ ئەستەمە، لێرەدا باسی ئەفسانەیەک ناکەین، کە شوێنی لە ژووری جلگۆڕین چۆل دەبێت، بەڵکو یاریزانێک کە 40 گۆڵی لە وەرزێک تۆمارکردووە، پێیدەڵێن تەواو بووە! ئەوەندە گۆڵە هیچ هێرشبەرێکی مەزن پێی نەگەیشتووە، کە لە شوێنەکەی خۆیان لەنێو باشترینەکان پۆلین دەکرێن.

چاودێران دەڵێن «قسەکردن لەسەر قەرەبووکردنەوەی رۆناڵدۆ، بۆ نموونە بە هازارد، هەنگاوێک مەدرید بۆ دواوە دەکشێنێتەوە، چونکە ئەو یاریزانەی شوێنی رۆناڵدۆ دەگرێتەوە چەندە مەزن بێت، تیپەکە پێویستی بە گرێبەستکردن لەگەڵ سەرەڕمێک دەبێت، زێدەباری سوپەر ئەستێرەیەکی دیکە». لەوانەیە تەنیا ئەوکات شوێنی یاریزانێک پڕببێتەوە، کە لە وەرزی 2010 هەموو وەرزێک بەلایەنی کەمەوە 50 گۆڵی تۆماردەکرد.

### کاریگەری رۆناڵدۆ

لە دوای رۆیشتنی رۆناڵدۆ بۆ یوڤێنتوس، چەند چەمکێک لە راگەیاندنەکانی ئیتاڵیادا بوونەتە شتێکی باو و بە چەندین شت گرێدراوە:

* فرۆشتنی درێس، بەشێوەیەک کە پێشتر لە ئیتاڵیا نەبینراوە.
* بڕیاری مانەوەی هەندێ یاریزان، دوای ئەوەی پلانی رۆیشتنیان دانابوو.
* فرۆشتنی هەموو بلیتەکانی وەرز.
* پێشبینی گەڕانەوەی یوڤێنتوس بۆ بەرگی فیفا 19.
* بەرزبوونەوەی ژمارەی وتاری نووسراو لەسەر یانەکە بەشێوەی ئەلیکترۆنی، کە 50 جار لە رێژەی ئاسایی زیاتر بێت.

### گەڕانەوەی بەهەشت

لە ماوەی هەشتاکان و نەوەدەکاندا، خولی تۆپی پێی ئیتاڵیا، بە «بەهەشتی تۆپی پێ» ناسراو بوو، بەهۆی ئەوەی کە بەبێ رکابەری، باشترین و بەهێزترین خولی تۆپی پێی جیهان بوو. گەورەترین راهێنەر و باشترین ئەستێرەکانی جیهان هیوایان بەوە دەخواست لەو خولە بن. مارادۆنا، ماتیۆس، سێیانە ئاگرینەکەی هۆڵەندا، گۆلێت، ریکارد، ڤان باستن، هەروەها رۆناڵدۆی دیاردە، پاتیستۆتا، نێدڤد، داڤێدز و شیڤشینکۆ و چەندین گەورە ئەستێرەی دیکە لەو خولە یارییان دەکرد. بەڵام لە سەرەتای هەزارەوە بەرە بەرە قەیرانی دارایی کاریگەری کردە سەر یانەکانی ئەو خولەو چیدی نەیانتوانی ئەستێرە گەورەکان راو بکەن، تاوەکو وایلێهات، دەرگەی بەهەشتەکە دابخرێت و ئیدی خولی ئیسپانی و ئینگلیزی پێشی بکەون. ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا کریستیانۆ رۆناڵدۆ دەتوانێت جارێکی دیکە دەرگەی بەهەشت بکاتەوەو خولی ئیتاڵیا، کە پێشتر بە «بەهەشتی تۆپی پێ» ناسراو بوو، دەتوانێت ئەو نازناوە بەدەستبێنێتەوە.

"بەهۆی رۆناڵدۆ کەس نایەوێ لە یوڤێنتوس بڕوات و هەمووان حەزدەکەن بچنە ئەو یانەیە"

ئیسکۆ، ئەسینسیۆ، کرۆس، بەیل و رامۆس پاڵێوراون..

# کێ شوێنی دۆن دەگرێتەوە لە لێدانی راستەوخۆ؟



"رۆناڵدۆ لەوەتەی بووەتە یاریزانی ریال مەدرید لە کۆی 619 لێدانی راستەوخۆ 555ی جێبەجێکردووە"

"دۆن 33 گۆڵی بە لێدانی راستەوخۆ بۆ ریال مەدرید تۆمارکردووە"

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

بێجگە لەوەی جێگرتنەوەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ وەک هەمیشە رزگارکەری یانەی ریال مەدرید، ئەرکێکی زەحمەتە بۆ هەر یاریزانێک، رۆیشتنی دۆن لە یانەکە بۆشاییەکی دیکەش جێدەهێڵێت، کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی لێدانە راستەوخۆیەکان، کە زۆرجار رۆناڵدۆ لە رێگەیانەوە سەرکەوتنی بە ریال مەدرید دەبەخشی.


رۆژنامەی مارکای ئیسپانی ئاشکرایکرد، لەوەتەی وەرزی 2008 ـ 2009 نزیکەی 21 یاریزانی جیاواز، بەلایەنی کەمەوە لێدانێکی راستەوخۆیان لە وەرزەکانی ریال مەدرید لێداوە، کەچی ئەستێرەی پێشووی یانەی شاهانە، کریستیانۆ رۆناڵدۆ، نزیکەی 555 لێدانی راستەوخۆی لە کۆی 619 لێدان لێداوە.

لەدوای رۆناڵدۆ، ئەستێرەی ئێستای تیپەکە، گاریس بەیلی وێڵزی، لە پلەی دووەم دێت بە 55 لێدانی راستەوخۆ، کریستیانۆ 72% لێدانە راستەوخۆیەکانی لێداوەو 33 گۆڵی تۆمارکردووە، رێژەی سەرکەوتنیشی 7.4%. ماركا دووپاتی دەکاتەوە، هیچ یاریزانێک لەو ژمارانە نزیک نەکەوتووەتەوە، لە سەردەمی کریستیانۆ چەند یاریزانێک بە لێدانی راستەوخۆ گۆڵیان تۆمارکردووە، لەوانە بەیل 4 گۆڵ، مەسعود ئۆزێل و خامیس رۆدریگز 3 گۆڵ، چاپی ئەلۆنسۆ، سێرجیۆ رامۆس، ئەسینسیۆ، ئیسکۆ، کاکا و ناچۆ یەکەو گۆڵێکیان تۆمار کردووە.

لە یاریزانانی ئێستای تیپەکە هەریەک لە ئیسکۆ، ئەسینسیۆ، تۆنی کرۆس، گاریس بەیڵ و سێرجیۆ رامۆس پاڵێوراون، لێدانە راستەوخۆیەکان جێبەجێ بکەن، هەرچەندە لەوانەیە گاریس بەیڵ نزیکترینیانە.

گەورەیی کریستیانۆ رۆناڵدۆ

# "ئەستێرەیەکی یوڤێنتوس خەنی بووە کە رۆناڵدۆ ناوی ئەوی زانیوە"





رووداوی وەرزشی ـ یوڤانتوس مانیا

رۆدریگۆ بینتانکۆر، یاریزانی ئۆرۆگوایی یانەی یوڤێنتوسی ئیتاڵی، ئەوەی نەشاردەوە کە زۆر دڵخۆش بووە کاتێک بینیویەتی کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی نوێی یانەی خانمە پیرەکە ئەو دەناسێت و گوتی "رۆناڵدۆ بانگی کردم و قسەی لەگەڵ کردم". بێگومان ئەمە گەورەیی رۆناڵدۆ پیشاندەدات.

رۆدریگۆ بینتانکۆر، تەمەن 21 ساڵان، باسی هەڵوێستێکی تایبەتی خۆی لەگەڵ کریستیانۆ رۆناڵدۆ کرد، لە میانی ئەو یارییەی لە نێوان هەڵبژاردەی پورتوگال و ئۆرۆگوای، لە قۆناخی 16ی مۆندیالی 2018ی رووسیا بەڕێوەچوو، کە زۆر دڵخۆشی کردووە. بینتانکۆر لەو بارەوە گوتی "دوای یارییەکە من و کریستیانۆ لە ژووری پشکنینی ماددە وزەبەخشەکان بەیەکەوە بووین، پێم سەیر بوو کە ناوی منی دەزانی، بانگی کردم و بەیەکەوە قسەمان کرد". یاریزانی ئۆرۆگوایی هەروەها گوتیشی "ئەوکات دەنگۆی رۆیشتنی لە ریال مەدرید هەبوو، بەڵام لێم نەپرسی ئایا وەرزی داهاتوو بۆ یوڤێنتوس یاری دەکات؟، کەمێک بەیەکەوە قسەمان کرد، بۆم دەرکەوت کەسێکی گەورەیە". بینتانکۆر هەروەها گوتی "من دڵخۆشم کە من و رۆناڵدۆ لە یوڤێنتوس بەیەکەوە دەبین، هیواخوازم یانەکە سوود لە ئەزموونە گەورەکەی وەربگرێت".



## دووباره دەکاتەوە

جاستن کلۆیڤێرتی یاریزانی هۆڵەندی، کە بەمدواییە پەیوەندی بە ریزەکانی یانەی رۆمای ئیتاڵییەوە کردووە، رایگەیاند کە دەیەوێ ئەزموونی فرانچیسکۆ تۆتیی ئەفسانەی یانەی رۆما دووبارە بکاتەوە. جاستن کە کوڕی پاتریک کلۆیڤێرتی هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی هۆڵەندایە، گوتی «ناتوانم زیاتر چاوەڕێی دەستپێکردنی خولی ئیتاڵیا بکەم، دەمەوێ پەرە بە تواناکانم بدەم و ئاستی خۆم باشتر بکەم لەوەی لە هۆڵەندا پیشانمداوە». هەروەها گوتیشی «تۆتی نموونەی باڵای منە، دەمەوێ هەمان ئەزموونی ئەو لەگەڵ رۆما دووبارە بکەمەوە».

KOREK Telecom

### «لە خولی هۆڵەندا لەدوای کارتی دەیەم، سزای هەر کارتێکی زەرد سڕکردنە لە یاری داهاتوو»

# یاساکانی (کارتی زەرد) لە خولەکانی ئەوروپادا



«لە ئیسپانیا کارتە زەردەکانی خول و جام پێکەوە هەژمار دەکرێن»

ئا: هونەر رەحیم*

دەگوترێت «ناوبژیوان چەکی پێیە لە نێو یاریگەدا»، یەکێک لەو چەکانە کارتی زەردە، کارتی زەرد یاریزانی پێ ئاگادار دەکرێتەوە، کاتێک کە رەفتارێکی نا وەرزشی ئەنجام دەدات. لە خولە ناوخۆییەکانی وڵاتەکان، بە بۆنەی زۆریی یاریی و کارتە زەردەکانەوە، هەر خولێک پەیڕەوێکی تایبەتی بە خۆی هەیە بۆ سڕکردنی یاریزان دوای وەرگرتنی چەند کارتێکی زەرد لە چەند یارییەکی یەک لە دوایی یەکدا.

ئەمەی خوارەوە سیستمی چەند وڵاتێکە لە پەیڕەوکردنی سڕکردنی یاریزان پاش وەرگرتنی چەند کارتێکی زەرد. لە خولی ئەڵمانیا تاوەکو ساڵی 1979، کارتی زەرد هیچ سزایەکی نەبوو، لە وەرزێکدا یاریزانێک بە ناوی واڵتێر فرۆش، 19 کارتی زەردی بە روویدا بەرزکرایەوە، بە بێ ئەوەی یەک یاریش سزا بدرێت! ئێستا 39 ساڵە کە یاریزانێک 5 کارتی زەرد وەربگرێت، یاریی دواتر سڕ دەکرێت. ئەم یاسایەش لە خولی ئیسپانیا جێبەجێ دەکرێت، بەڵام لە خولی ئیسپانیا کارتە زەردەکانی «خول و جام» پێکەوە دەژمێردرێن!. هەروەها لە خولی ئینگلتەراش یاسای 5 کارتی زەرد جێبەجێ دەکرێت، بەڵام ئەگەر یاریزانێک لە ساڵی تازە کارتی پێنجەم وەربگرێت سزا نادرێت!. بەڵام بە وەرگرتنی کارتی 10یەم دوو یاریی سڕ دەکرێت! لە خولی ئیتاڵیاش یاسای 4 کارتی زەرد پەیڕەو دەکرێت. لە خولی ئێرانیش هەمان یاسای خولی ئیتاڵیا جێبەجێ دەکرێت. یاریزان دوای وەرگرتی کارتی چوارەم، حەوتەم، دەیەم، سیازدەیەم، و... یەک لە دوایی یەک، یارییەک سڕ دەکرێت.

یاساکەی خولی هۆڵەندا کەمێک جیاوازترە وەک لە خولەکانی دیکە، چونکە لەم خولەدا یاریزان دوای پێنجەم کارتی زەرد یەک یاریی سڕ دەکرێت، بەڵام لە دوای 10م کارتەوە یەک یاریی دیکە سزا دەدرێت، بەڵام لە دوای 10م کارتەوە بە وەرگرتنی هەر کارتێکی زەرد یارییەک سڕ دەکرێت!. واتە هەر کاتێ رەسیدی یاریزانەکە گەیشتە 10 کارتی زەرد، لەوە بەدواوە سزای هەر کارتێکی زەرد سڕکردنە لە یارییەک، واتە وەک ئەوەی کارتی سووری وەرگرتبێت، بێئەوەی لەو یارییەدا دەربکرێتە دەرەوە.

* ناوبژیوانی پلە دووی کوردستان و عێراق

### لە شاری ناپۆلی بە (پیری زێڕین) ناونراوە..

# ئەنچیلۆتی دەبێتە مارادۆنا؟



ئا: رووداوی وەرزشی

وەرزی رابردووی سێریا ئەی خەونی یەک شاری لەنێوبرد، کە بینینی قەڵغانی خول بوو، کە رازی نەبوو جارێکی دیکە سەردانی بووکی کەناری باشووری ئیتاڵیا بکات، ئەوەی لەسەردەمی خۆشەویستی جەماوەر لەوێ (دییگۆ ئەرماندۆ مارادۆنا) لەو شارەوە دوورە.

دوای ئەوەی ناپۆلی زۆر نزیکبوو لەوەی نازناوەکە بەدەستبێنێت، لە دوایین هەنگاوەکان هاوکێشەکان هەڵگەڕانەوە، بەمەش نازناوەکە چووە لای خانمە پیرەکە، کە 7 ساڵە لەسەر تەختی تۆپی پێی ئیتاڵیا دانیشتووە. ئۆریلیۆ دی لاورێنتس، بەپێچەوانەی زۆر کەس پێیوایە، ماوریسیۆ ساری، لەو ئەرکەی پێی سپێردرابوو شکستی هێنا، ئەو جامی لۆکاڵی و چامپیۆنزلیگی کردە قوربانی، مەبەست داهاتی داراییە، پاشانیش لە خۆڕا لە یۆرۆپالیگ کشایەوە، لەپێناوی هیچ شتێک، پلەی دووەمیش لە ئاستی خواستەکانی ئەو دەرهێنەرە ئیتاڵییەدا نەبوو لەو وەرزەدا، بۆیە جیابوونەوە بە رەزامەندی، یان لادان دوو بژاردە بوو، کە دەبوو یەکێکیان هەڵبژێرێت، بەڵام لە راگەیاندنی ناوی رابەری تازە، کارلۆ ئەنچیلۆتی، زۆر دوانەکەوت.

پێویست ناکات پێناسی بکەین، کاروانەکەی بە پێش خۆی کەوتووە، بەڵام هیچ نابێت، ئەگەر باسی ئەو ئامانجە بکەین، کە لە پێناویدا هێنراوە، ئەویش نازناوی خولی ئیتاڵیایە. نازناوەکەیان دۆڕاند، بەڵام چەندین بنەمای پتەویان بۆ تیپەکە داناوە، کە بتوانێت دووبارەی بکاتەوە، بۆچ نا و خەونی لەمێژینەکە بەدی بێنێت، ئەوە کەمێک ئەرکی ئەنچیلۆتی ئاسانتر دەکات، کە بە گوێرەی سکای سپورتەوە، زوو دەستی بە کارەکانی کردووە، کە گوتی کارلۆ لیستێکی چەند ناوی لەسەر مێزی سەرۆک داناوە، تاوەکو بەخێرایی گرێبەستیان لەگەڵ بکات، لیستەکەش لە گۆڵپارێزێک لەگەڵ دڵێکی بەرگری، کە یەکێک لە دووان داواکراوە، داڤید لویز یان جیرۆم بواتینگ، بەرگریکارێکی لای راست، یان مۆنێی یاریزانی پاریس سانجێرمان، یان ڤیرسالیکۆی یاریزانی ئاتلێتیکۆ مەدرید، یاریزانێکی هێڵی ناوەڕاست، دوو لەو لاباڵانە، ڤێدری، دی ماریا، کیێزا و سوسۆ، هێرشبەر کەریم بنزیمە، پێشنۆرەش بۆ ئەو یاریزانانەیە، کە پێشتر راهێنەریان بووە، وتەکان هی کەناڵی سکای سپورتە.

ئەو راهێنەرە ئیتاڵییە هەموو بنەماکانی سەرکەوتنی هەیە، تاوەکو لە ئەرکە تازەکەی سەرکەوتوو بێت، کەسایەتی، هێمنی و ئەزموونی زۆری، بە ئەرێنی بەسەر یاریزانەکانی دەشکێتەوە، لە رووی تەکتیکەوە بەتوانایە و هەموو نهێنییەکانی تۆپی پێی ئیتاڵی دەزانێت، ئەگەر ماوەیەکی زۆریش لێی دابڕابێت. ئێستا لەسەر سەرۆکە، بە زووترین کات، داواکارییەکانی جێبەجێ بکات و کەموکوڕییەکانی بۆ پڕ بکاتەوە. ئەگەر کارلۆ لەوە سەرکەوتوو بێت، کە راهێنەرانی پێش خۆی شکستیان لێیهێنا، لە فراوانترین دەروازە یانەکە دەچێتە نێو مێژوو، هاوشێوەی مارادۆنا بە یاریزانی.

تینوویەتی بەشێکی زۆری باشوورییەکان بۆ نازناوەکە، پاڵیان پێوە دەنێت ناوی Lo sceicco d›oro یان پیری زێڕینی لێبنێن، وەک چۆن پێشتر مارادۆنایان بە کوڕی زێڕین lo bebé d›oro ناونابوو. ئایا کارلۆ ئەنچیلۆتی دەبێتە دییگۆ مارادۆنای راهێنەران؟. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە رۆیشتنی کریستیانۆ رۆناڵدۆ لەوانەیە ئەرکی ئەنچیلۆتی گرانتر بکات، چونکە هێزێکی زیاتر دەداتە یوڤێنتوس، رکابەرە ترسێنەکەی ناپۆلی.



### 2 کوڕەکەی گودیۆنسی بردە ریزەکانی خۆی..

# ریال بەنێو بەهرمەندەکانی بارسا کەوتووە

«دایکی کوڕەکانی گودیۆنسن لە مەدرید دەژی و رازی نییە کوڕەکانی یاری بۆ بارسا بکەن»

رووداوی وەرزشی ـ Sport

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، گرێبەستی لەگەڵ دوو کوڕی، ئیدۆر گودیۆنسنی ئایسلەندی، یاریزانی پێشووی بارسێلۆنا کرد، هەردوو دەستەوارەکەشی لە بن چنگی رکابەرەکەی بارسا دەرهێنا. گودیۆنسن دووپاتیکردەوە، ریال مەدرید دەبێت قەرەبووی یانەی ئیسپانیۆل بکاتەوە، لەبەر گرێبەستکردن لەگەڵ کوڕە لاوەکەی ئەندرێ لۆکاس گودیۆنسن، لەو کاتەی کوڕەکەی دیکەی دانیال تریستان گودیۆنسن، ئەکادیمیای تازەپێگەیشتووانی لە بارسێلۆنا (لاماسیا) جێهێشتووەو واژووی بۆ تیپی تازەپێگەیشتووانی ریال مەدرید کردووە.

ئەندرێ لۆکاسی تەمەن 16 ساڵان، لە ئەکادیمیای تازەپێگەیشتووانی بارسێلۆنا پێگەیشتووە، ئەوکاتەی باوکی لە ساڵی 2006 پەیوەندی بە ریزەکانی بارسێلۆناوە کرد، بەڵام ئەندرێ لۆکاس دواتر چووە یانەی ئیسپانیۆل، ئەو وەرزەش توانی 20 گۆڵ تۆمار بکات، کە یەکێکیان گۆڵێکی جوان بوو لە نیوەی یاریگەوە، بەرامبەر تیپی دووەمی بارسێلۆنا، لە خولی یانە پلە دووەکانی ئیسپانیادا.

کەچی برا بچووکەکەی دانیال تریستانی تەمەن 11 ساڵان، یاریزانی تیپی تازەپێگەیشتووانی بارسێلۆنا بوو، ئەویش لەگەڵ براکەی چوو لە ئەکادیمیای تازەپێگەیشتووانی ریال مەدرید یاری بکات. هۆکاری ئەو دوو دەستەوارەیەش بۆ ویستی ئەو دوو کوڕە لاوە لەتەک دایکیان یەکدەگەڕێتەوە، کە ئێستا لە مەدریدی پایتەخت دەژیی.





KOREK Telecom

باشترین بژاردەیە

هێڵی قوتابی لە(کورەك)ەوە

هێڵی قوتابی لە (کورەك)ەوە کە تایبەتمەندە بە سەرجەم قوتابیانی پەیمانگا و زانکۆکان. ئەم هێڵە سەرجەم خاسیەتەکانی پاشەکەوتکردن لەخۆدەگرێت بۆ لەوەی قوتابیان بە ئاسانترین رێگا سەرکەوتوو بن.
بە کاراکردنی هێڵی قوتابی، مانگانە تەنها بە 10,000 د.ع بەشداربە و ئەم خزمەتگوزاریانە بەدەستبهێنە:
• خولەکی خۆڕایی بۆ ناو تۆڕی کورەك*
• 100 خولەك و 100 نامە بۆ تۆرە ناوخۆییەکانی تر
• 2GB ئینتەرنێتی مانگانە

بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری هێڵی قوتابی، پەیوەندی بکە بە #1*1*2*1*382*
بۆ راگرتنی نوێکردنەوەی ئۆتۆماتیکی، پەیوەندی بکە بە #1*2*2*1*382*
بۆ زانینی باڵانس، پەیوەندی بکە بە #3*382*

*سیاسەتی بەکارهێنانی دادپەروەرانە پەیڕەودەکرێ

چۆنیەتی تۆمارکردن:
سەردانی یەکێك لە سەنتەرە سەرەکییەکانی فرۆشی کورەك بکە و دڵنیابە لەوەی ئەم بەڵگەنامە پێویستانەی خوارەوەت لەگەڵ خۆت هێناوە:
• ناسنامەی باری شارستانی
• ناسنامەی کۆلێژ یان پەیمانگا
• پسوولەی خۆراك
• وێنەی کەسیەتی (2 دانە)

korektel.com
411



## پزیشکی ددان

هیمێر هالجریمسۆن، دوای 7 ساڵ ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئایسلەندا، وازی لە کارەکەی هێنا بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر پیشە ڕاستەقینەکەی خۆی، کە پزیشکی ددانە. هالجریمسۆن بەهۆی حەزی بۆ تۆپی پێ وازی لە کاری پزیشکی هێنا، ئەرکی ڕاهێنەرایەتی ئایسلەندای وەرگرت و بووە یەکەم ڕاهێنەر لە مێژوودا هەڵبژاردەی ئەو وڵاتە بگەیێنێتە مۆندیال، کە لە قۆناخی گرووپەکاندا ماڵئاوایی کرد. تۆڕی سکای سپورت لەو بارەوە ڕایگەیاند «هالجریمسۆن پێیوایە کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێتەوە نۆرینگەکەی و وەک پزیشکی ددان دەست بە کارەکەی بکاتەوە».



لەبەر چەند هۆکارێک..

# بۆ فەرەنسییەکان مۆندیالی 1998 بەتامتر بوو لە مۆندیالی 2018

ئا: ڕەمزی میرەکانی

ئەنجامەکانی گشتپرسییەکی لۆکاڵی دەریخستووە، فەرەنسییەکان پێیانوایە، یەکەم نازناوی جیهانی، ئەوەی لە ساڵی 1998 لەسەر خاکی خۆیان بەدەستیان هێنا، بۆیان باشتر و کاریگەریشی بەسەر سۆزیان زیاترە، لە نازناوی دووەم کە ئەمساڵ لە ڕووسیا بەدەستیان هێنا.

هەڵبژاردەی فەرەنسا نازناوی مۆندیالی 2018 لە ڕووسیا بەدەستهێنا، دوای بردنەوەی لە یاری کۆتایی بە ئەنجامی 4 ـ 2 گۆڵ لە هەڵبژاردەی کرواتیا. گشتپرسییەکی گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ دەریخستووە، فەرەنسییەکان پێیانوایە نازناوی 1998 لە نازناوی 2018 باشتر و بەتامتر بوو، ڕێژەی ئەوانەی واشدەڵێن 75% بوو، کەچی ڕێژەی 25% بۆچوونیان پێچەوانەیە.

هەرچەندە 20 ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی بەدەستهێنانی یەکەم نازناوی فەرەنسا ڕەتبووە، کەچی ئەوە کاری لە هەستی جەماوەری فەرەنسا نەکردووە، هەرچەندە ئەو ماوەیە لەدایکبوونی ژمارەیەکی گرنگی ئەستێرەکانی هەڵبژاردەی نیشتمانی بەخۆوە دیوە، کە جەماوەر لە مۆندیالی ڕووسیا لە پشتیان وەستان. بەپێشخستنی فەرەنسییەکان بۆ نازناوی مۆندیالی فەرەنسا، بەپێش نازناوی مۆندیالی ڕووسیا، بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە نازناوی مۆندیالی 1998 بە هەموو پێوەرێک مێژوویی بوو، بەوەی یەکەم بوو لە مێژووی تۆپی پێی فەرەنسا، هەروەها توانیان لە یەکەم گەیشتنیان بە یاری کۆتایی مۆندیال بەدەستی بێنن، هەروەها لە سەر خاک و لەبەرچاوی خۆیان بوو، کەچی نازناوی دووەم دوور لەوان بەدیهات، دوای دووەم یاری کۆتایی بوو، کە ئەوەی یەکەمیان لە ساڵی 2006 لە ئەڵمانیا بە ئیتاڵیا دۆڕاند. ئەوەشی دەخرێتە سەر، دەستکەوتەکەی 1998 دوای چەندین نسکۆ بوو، کە تۆپی پێی فەرەنسا دوای 1984 بەسەری هات، دوای ئەوەی لەو ساڵەدا نازناوی یۆرۆی و ملوانکەی زێڕی ئۆلمپیادی بەدەستهێنا، پاشان بەرەو لێژیی چوو، نەیتوانی بگاتە کۆتاییەکانی مۆندیالی 1990 لە ئیتاڵیا و 1994 لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نەخاسمە نسکۆیەکەی بولگاریا، کە هەستی فەرەنسییەکانی هەژاند و وایلێکردن، بە پەرۆشەوە چاوەڕێی میوانداریکردنی مۆندیال بکەن، بۆ ئەوەی لاپەڕەی دۆڕانەکان دادەنەوە و لاپەڕەی سەرکەوتنەکان بکەنەوە.

هەروەها نازناوی مۆندیالی 1998، دوای ئەوە بوو، فەرەنسا بەسەر چەندین هەڵبژاردەی بەهێز سەرکەوت، لە قۆناخی 8 لە ئیتاڵیای بردەوە، لە قۆناخی 4 ڕابوونی کرواتیای خاوکردەوە، لە یاری کۆتاییش بە 3 گۆڵی خاوێن لە هەڵبژاردەی بەرازیلی بردەوە. هەرچی نازناوی 2018یە، فەرەنسا بەدەستی هێنا، بێئەوەی لە ڕێگەی چوون بەرەو کۆتایی تووشی ئەستەمی بێت، لە ئەرجەنتینی بردەوە، پاشان ئۆرۆگوای و کرواتیا بەکەمترین توانا، دەتوانین یاری بەلجیکا لە قۆناخی 4 بە ئەستەمترین یاری دابنێین.

دواشت دەتوانین وای دانێین، ئاستی فەرەنسییەکان لە مۆندیالی 1998 بە سەرکردایەتی زەینەدین زیدان، زۆر لە ئاستیان لە مۆندیالی 2018 بە سەرکردایەتی ئەنتوان گریزمان جیاواز بوو، لەوەی یەکەم کەڵەشێرەکان چەندین ئاستی هونەریی جوانیان پێشکەشکرد، کەچی لەوەی دووەم، بێ چێژ و ئاست و بە پلانی بەرگری نازناوەکەیان بەدەستهێنا.

> «یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە یاری کۆتاییان لە بەرازیل بردووەتەوە»

ژیانی تایبەتی ئەنتوان دوور لە چاوی ڕاگەیاندنەکان..

# گریزمان هێز لە ماڵباتە بچووکەکەی وەردەگرێ

ئا: رووداو وەرزشی

زۆرلە خۆشەویستانی ئەنتوان گریزمان، ئەستێرەی هەڵبژاردەی فەرەنسا، کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە بردنەوەی نازناوی مۆندیالی 1998ی فەرەنسا، ئاگاداری نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی ئەو نین، لەبەر چەند هۆکارێک، کە لە هەموویان گرنگتر، دوورکەوتنەوەی چۆبیریناى کچە دۆستیەتی لە تیشکەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی، زێدەباری ویستی زۆری گریزمان، بۆ بردنە سەری ژیان لەگەڵ ماڵباتە بچووکەکەی، کە لەسەر لاکێشەی سەوز بە ئارامییەکی تەواو هێزی لێوەردەگرێ. بەڵام ڕووداوی وێنەگرتنی لە یانەیەکی شەوانە و سزادانی لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا، یەکێکە لەو وێستگە ئەستەمانەیە، کە گریزۆ بەسەری هاتووە، بەڵام پەندێکی ڕاستەقینەی لێوەرگرت، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ڕێڕەوی ڕاست و شوێنێک لەنێو باشترین یاریزانەکانی جیهان و دەوڵەمەندترینیان لەسەر ئاستی دارایی بدۆزێتەوە.



### دۆستەکەی ئیسپانی و باسکییە

ئیریکا چۆبیرینا کچە دۆستی ئەنتوان گریزمان، یەکێک لەو بابەتە گرنگانەیە، کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەوڵی تیشک خستنە سەری دەدەن، کەچی شتەکان زۆر ئەستەمن، لەبەرئەوەی ئەو کچە ئیسپانییە باسکییە، پێیباشە لە تیشکەکان دوورکەوێتەوە.

ئەو دووانەیە، کە تەمەنی هەردووکیان 27 ساڵە و کچێکیان هەیە بە ناوی میا، تەمەنی 2 ساڵانە، تەنیا هەندێ وێنەی خۆیان، لە هەندێ بۆنەی تایبەت لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکەنەوە، لەو کاتەی گریزمان پێیباشە، ئەو گۆڵانەی لەگەڵ ئاتلێتیکۆ مەدرید، یان هەڵبژاردەی فەرەنسا تۆماریان دەکات، بکاتە دیاری بۆ چۆبیرینا، کە لە زۆربەی ڕووداوەکان لەگەڵی بەشدار دەبێت. تەنانەت هەندێ لە سەرچاوە ڕۆژنامەڤانییەکان ساڵی ڕابردوو ڕیانگەیاند کە گریزمان و چۆبیرینا بە نهێنی هاوسەرگیریان کردووە.

ئەو نمایشکاری جلوبەرگی ئیسپانییە، لەسەر هەموو یاریگەکانی فەرەنسا دەبینرا، لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکانی هەڵبژاردەی فەرەنسا لە یۆرۆ 2016، هاوشانی هاوسەری یاریزانەکانی دیکەی فەرەنسا. بەهەمانشێوە لەم مۆندیالەشدا.

### بڕوانامەی زانستی هەیە، بەڵام جیهانی جلوبەرگی هەڵبژاردووە

هەرچەندە چۆبیرینای کچەی دۆستی گریزمان، پێیباشە خۆی لە هەموو بەدواکەوتنەکانی ڕاگەیاندن لابدات، کە چاو دەخەنە سەر ژیانی تایبەتی یاریزانە بەرچاوەکان، بەوەی ماددەیەکی چەورە و وەرگر دەیەوێ، کەچی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسپانیا، هەندێ زانیارییان لەسەر ئەو کچە ئیسپانییە بڵاوکردەوە، دووپاتی دەکەنەوە چۆبیرینا خاوەنی بڕوانامەیە لە زانستەکان، کەچی ئەو جیهانی مۆدەی پێی باشترە، هاوشێوەی دۆست و هاوسەری زۆربەی یاریزانەکانی ئەوروپا.

### سامانی گریزمان 215 ملیۆن یۆرۆیە

لە سۆنگەی ئەو ئامارانەی، گۆڤاری (پیپل ویز مۆنی) بڵاویکردوونەتەوە، گریزمان خاوەن سامانێکە کە خۆی لە 215 ملیۆن یۆرۆ دەدات، ئەوەش وا دەکات ببێتە یەکێک لە دەوڵەمەندترین وەرزشوانەکان، گریزمان توانیویەتی سامانەکەی لە ڕێگەی چەندین داهات، وەک یاریزانێکی پیشەگەری تۆپی پێ و ئەستێرەی ئاتلێتکۆ مەدرید و هەڵبژاردەی فەرەنسا کۆبکاتەوە، زێدەباری چەندین دەستەوارەی بازرگانی، کە بە ناوی خۆی ئەنجامیان دەدات، بەو پێیەی یەکێکە لە باشترین کەسایەتییە وەرزشییەکانی ساڵانی دوایی، گریزمان بە گەورەترین وەبەرهێنەر لە بواری جلوبەرگ و دوایین براند لە جیهانی مۆدە دادەنرێ، ئەوەش ڕۆڵی لە زیادکردنی سامانەکەی هەبووە.

### وەبەرهێنان لە زەوی، جوانکاری، چێشتخانە و جلوبەرگ

ئەنتوان گریزمان، ئەستێرەی هەڵبژاردەی فەرەنسا، توانی لە فراوانترین دەروازەوە بچێتە نێو جیهانی وەبەرهێنانی زەوی و خانوبەرە، بەهۆی ئەو توانا داراییەی هەیەتی، بێجگە لەوەی کۆمەڵێک چێشتخانەی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، لەژێر ناوی (شی لۆ گرۆ ئەنتوان) هەیە. هەروەها کۆمەڵێک لە کەلوپەلی جوانکاریی ئافرەتانی، لەژێر ناوی (کۆڤەر گۆرل) هەیە، هەروەها شتێکیشی بە چینی

> «گریزمان وەبەرهێنان لە زەوی، جوانکاری، چێشتخانە و جلوبەرگ دەکات»

کوڕان بەخشیوە، بەوەی خاوەنی کۆمەڵێک جلوبەرگی وەرزشی پیاوانە، لەژێر ناوی (گریزمان سیدۆکایشن)، زێدەباری بۆنە بەناوبانگەکەی (لۆ دۆ نتوان).

### گریزۆ بەوەفایە

ئەنتوان گریزمان، ئەستێرەی هەڵبژاردەی فەرەنسا، پێی باشبوو چاکەی ئەو شارە بداتەوە، کە لێی پێگەیشتووە، ئەوەش دوای ئەوەی قوتابخانەیەکی تۆپی پێی لە شاری ماکۆن کردەوە، گریزمان لە ڕێگەی ئەو قوتابخانەیەوە، دەیەوێ هەموو توانایەکی دارایی و ورەیی بۆ یاریزانە بچووکەکان دابین بکات، تاکو تێیدا پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن و کار لەسەر درەوشانەوە لە ئاسمانی تۆپی پێی ئەورووپی بکەن.

### بەرەچەڵەک پورتوگالییە و باپیریش یاریزان بوو

کەس نکۆڵی لەوە ناکات، باشترین یاریزانەکانی فەرەنسا و خۆشیهێنەرانی هەڵبژاردەی فەرەنسا، بەڕەچەڵەک فەرەنسی نین، میشێل پلاتینی، ئەستێرەی پێشووی کەڵەشێرەکان، بەڕەچەڵەک ئیتاڵییە، زەینەدین زیدان، پاڵەوانی مۆندیالی 1998، بە ڕەچەڵەک جەزائیرییە، هەمان شت سەبارەت ئەنتوان گریزمان، ئەستێرەی هەڵبژاردەی فەرەنسا، کە بەڕەچەڵەک پورتوگالییە، باپیری کە ناوی ئەمارۆ لۆپێزە، پێشتر یاریزانی تۆپی پێ بوو و لە یانەی باکۆس فێرێرای پورتوگالی بەرگریکار بوو، کەچی وەک نەوەکەی ئێستای ناوبانگییەکی زۆری پەیدا نەکرد.

> «گریزمان لە ترسی ڕۆژنامەنووسان بە نهێنی هاوسەرگیری کرد»



# فەرەنسییەکان بەخشندەن

«دێمبێلی مزگەوتێک دروستدەکات و ئێمباپێش پارە دەداتە کۆمەڵەیەکی خاوەن پێداویستی تایبەت»

ئا: رووداو وەرزشی

یاریزانانی هەڵبژاردەی فەرەنسا، بێجگە لەوەی بە بوونیان بە پاڵەوانی مۆندیال، بەهۆی بەخشندەیی خۆیانیشەوە سەرنجەکانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا. دیارترین نموونەش هەردوو هێرشبەرەکەی، کیلیان ئێمباپێ و عوسمان دێمبێلێن.

ئەستێرەکانی هەڵبژاردەی فەرەنسا، ئەوانەی بەڕەچەڵەک ئەفریقین، لەسەر ئاوڕدانەوەی مرۆییان بەردەوامن، کە بەمدواییە نازناوی مۆندیالی 2018یان لە ڕووسیا بەدەستهێنا.

ئەوەی یاریزانی لاو کیلیان ئێمباپێ، هەموو ئەو پارە و پاداشتانەی لە مۆندیالا پێیدرا بەخشییەوە، ئەستێرەی فەرەنسی بەڕەچەڵەک مۆریتانی، عوسمان دێمبێلی، بڕیاریدا پارەی دروستکردنی مزگەوتێک بۆ ئەو گوندە دابین بکات، کە زێدی خۆیەتی لە باشووری مۆریتانیا.

ڕۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی، لەو بارەوە گوتی «دێمبێلی ئەستێرەکەی بارسیلۆنا، پارەی دروستکردنی مزگەوتێکی لە گوندی جاکیلی لە باشووری مۆریتانیا، کە زێدی دایکیەتی بەخشیوە».

چەند ڕاپۆرتێکی جیهانی، لە سەرچاوەی مۆریتانیان گواستەوە، دێمبێلی بڕیاریداوە پارەی دروستکردنی مزگەوتێک، لە زێدی دایکی لە گوندی جاکیلی لە باشووری مۆریتانیا ببەخشێت.

دایکی دێمبێلی بەڕەچەڵەک مۆریتانییە، بەڵام ڕاستەوخۆ دوای بوونی عوسمان چووەتە فەرەنسا. ئەمەو دێمبێلی پێیباشبوو، درێسی هەڵبژاردەی فەرەنسا بپۆشێت و ڕازی نەبوو وەڵامی بانگەوازەکەی یەکێتی تۆپی پێی مۆریتانیا بداتەوە و یاری بۆ هەڵبژاردەی مۆریتانیا بکات.

ئەستێرەی لاوی هەڵبژاردەی فەرەنسا کیلیان ئێمباپێ، دوای بردنەوەی نازناوی مۆندیال، ڕایگەیاند بڕی 400 هەزار پاوەندی، کە دوای هەر یارییەک وەریگرتووە و بڕەکەی 17 هەزار پاوەندە، زێدەباری خەڵاتی بردنەوەی نازناوەکە، کە 250 هەزار پاوەندە، بەخشیووەتە کۆمەڵەی Premiers de Cordees، کە بایەخ بە چالاکیی وەرزشیی منداڵانی خاوەن پێداویستی دەدات و خۆیشی یەکێکە لە دامەزرێنەرانی.



**72.5 کیلۆمەتر**

ماڵپەڕی فەرمی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی، رایگەیاند ئیڤان پریسیچی هێرشبەری هەڵبژاردەی کرواتیا، لە مۆندیالی 2018ی رووسیادا، لەنێو هەموو یاریزانانی هەر 32 هەڵبژاردەی بەشداربوودا، زۆرترین ماوە رایکردووە. وەک لە ماڵپەڕی فیفادا هاتووە، پریسیچ لەم مۆندیالەدا ماوەی 72.5 کیلۆمەتر رایکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا پریسیچ نەیتوانیوە لەم بارەوە ریکۆردی مێژوویی مۆندیال بشکێنێت، کە بە ناوی تۆماس مۆلەری یاریزانی ئەڵمانییە، کە لە مۆندیالی 2010ی باشووری ئەفریقادا، ماوەی 84 کیلۆمەتر رایکردبوو، چاڤی هێرناندێزی ئیسپانیش 80 کیلۆمەتر رایکردبوو.

# شاکیری و سەلاح بوونەتە مشک و پشیلە



**رووداوی وەرزشی ـ DW**


"رۆژێک بۆ تۆیە و رۆژێک لەدژی تۆیە"، ئەم پەندە زۆرجار لە جیهانی تۆپی پێشدا رەنگدانەوەی هەیە، وەک ئەوەی لە نێوان هەردوو یاریزانی شوکردان شاکیری سویسری و محەممەد سەلاحی میسریدا روویداوە.

با کەمێک بگەڕێینە دواوە، بەتایبەتی ساڵی 2010، ئەو کاتەی یاریزانی مقاولون ئەلعەرەب، چووە یانەی بازلی سویسری، بۆ ئەوەی ببێتە شوێنگرەوەی ئەستێرەی یەکەمی، شوکردان شاکیری، کە تازە چووبووە ریزەکانی بایرن میونشنی ئەڵمانی، ئەو یاریزانەی هاتبوو قەرەبووی رۆیشتنی لە یانەی سویسرییەکەی بکاتەوە، یاریزانی میسری نەناسراو محەممەد سەلاح بوو، کە لە کیشوەری رەشەوە رووی تێکردبوو.

ئەمڕۆ ئێمە لە ساڵی 2018، دوای گرێبەستکردنی لیڤەرپوول لەگەڵ یاریزانی پێشووی بایرن میونشن و بازلی سویسری، شوکردان شاکیری، پاش دابەزینی یانەکەی ستۆک سیتی بۆ ریزی یانەکانی پلە یەک، بە رێژەیەکی زۆر دەبێتە یەدەگی باوکی مەکە، باشترین یاریزانی پریمەرلیگ لە وەرزی رابردوودا. مێژوو هەمان سیناریۆ دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بە رۆڵی جیاوازەوە.

## کێشی 920 کیلۆگرامە..

# ناوی گا گەورەکەی ئەرجەنتین کرایە ئێمباپێ



**رودای وەرزشی ـ TANGO**

ناوی ئێمباپێ لە گایەک نراوە لە ئەرجەنتین، کە کێشی 920 کیلۆگرامە، ئەوەش وەک جۆرە رێزلێنانێک لە ئەستێرەی تۆپی پێی فەرەنسی، کیلیان ئێمباپێ، کە هەفتەی رابردوو لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی، نازناوی مۆندیالی 2018 رووسیای بەدەستهێنا.

ئەو گایە یەکەم دانەی کۆمپانیای (سۆسییداد رۆرال) بوو لە ئەرجەنتین، کە کارساز و بەڵێندەرە گەورەکان لە بواری بەخێوکردنی ئاژەڵەکان لە ئەرجەنتین کۆدەکاتەوە، بارەگاکەشی لە بۆینس ئایرسی پایتەختە. گایەکە لە زنجیرەی (ئەنگۆس) و تەمەنیشی یەک ساڵ و 10 مانگە، ئەو گایە لە شاری جەنەراڵ ئەتشا لە دووری 700 کیلۆمەتر لە باشووری خۆرئاوای بۆینس ئایرس، بۆ نێو پایتەخت گواسترایەوە.

ناونانی ئەو گایە گەورەیە بە ئێمباپێ، وەک سەرسامی دەربڕینە بە ئەستێرەی لاوی فەرەنسی ئێمباپێی تەمەن 19 ساڵان، کە لەنێو دیارترین ئەستێرەکانی مۆندیالی رووسیا بوو و رۆڵێکی بەرچاویشی لە بەدەستهێنانی نازناوەکە، لەلایەن هەڵبژاردەی فەرەنساوە هەبوو، لە رێگەی ئەو بەهرە جوانەی هەیەتی، لەگەڵ چالاکی لە یاریگە و دەستەپاچەیی بەگریکاریی تیپەکانی رکابەر لە راگرتنی.

ئێمباپێی ئەستێرەی پاریس سانجێرمان، گۆڵی چوارەمی فەرەنسای لە یاری کۆتایی تۆمارکرد، کە بەئەنجامی 4 ـ 2 گۆڵ لە هەڵبژاردەی کرواتیای بردەوە، بە باشترین یاریزانی هەڵکشاوی مۆندیالیش دەستنیشاکرا.

## پێشبڕکێ





به کورتترین و جوانترین کۆمێنت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555

براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو | رێباز بەکر لە سلێمانی

به کۆمێنتی: ( خەفەت مەخۆ لۆکا، تۆ ئەفسانەی کرواتیا)



ڕێبوار محەممەد

# رۆژنامەکان درۆ دەکەن یان یانەکان سەریان لێشێواوە؟

بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان تەواو گەرمبووە. رۆیشتنی رۆناڵدۆ بۆ یۆڤینتۆس، بەنزینێکی بەسەر ئاگری گەرمی مێرکاتۆدا کرد، چونکە دوای ئەو گواستنەوە ئەستەمە، هەموو چاوەکان رووە و مەدریدن و هێشتاش پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە کێ دەچێتە شوێنی رۆناڵدۆ؟

شتێکی نوێ نییە کە بڵێین ئێدین هازارد نزیکترین یاریزانە لە ریال مەدریدەوە، ئەمە ئاساییە، چونکە چاوەڕێکراوە ریال مەدرید هەوڵبدات گالاکتیکۆسێک بباتە شوێنی رۆناڵدۆ. پێموایە ئەمە تاکە هەواڵە کە لە رووی لۆژیکەوە نزیکە، دەنا ئەوەی دی کە باسدەکرێت و هەموو رۆژێک، رووپەری رۆژنامەکان و پێگەکانی سۆشیال میدیا گەرمدەکات، لە دوو ئەگەر زیاتر نییە، یان سەرلەبەری هەواڵەکان فەیکن و بۆ گەرمکردنی بازاڕی فرۆشتنی چاپکراوەکانە. یان ئەگەر راستبن، یەک ناونیشانیان هەیە: راهێنەر و کارگێڕیی یانەکان سەریان لێشێواوە.

لە ریال مەدرید باسی گەرمتر لە هازارد، کۆرتوای گۆڵپارێزە. ئاخر ئەگەر ئەمە راست بێت، شێتییەک زیاتر هیچی دیکە نییە لە کارگێڕیی ئەو یانەیەدا، چونکە تاکە شوێنی جێگیر و بێکێشە لە پێکهاتەکەی ریال مەدریددا، گۆڵپارێزە و ناڤاس لە چەند ساڵی رابردوودا ئەوەی سەلماندووە. تۆ سەیرکە، سەرلەبەری بەرگری ئەو یانەیە کێشەی هەیە، جێگرەوەی راستەقینەی کاسیمیرۆ دەڵێی دەڕۆم (مەبەستم کۆڤاسیچە) مۆدریچ ماندوو و پیر بووە، کرووس هەندێک یاری ون دەبێت، بێنزیما وەک جاران گۆڵکەر نییە و چەندین کێشەی دیکەش لە تیپەکەدا هەن. کەواتە بێکێشەترینیان گۆڵپارێزە و یانەکە خوی داوەتە ئەو. راستیت دەوێ، پێموایە هاتنی هازاردیش کێشەی سەرەکی ریال چارەسەر ناکات، چونکە ئەو یانەیە پێویستی بە گۆڵکەرێکی ژمارە ٩ هەیە، ئەگەر ڤینیسیۆس ئەم ئەرکە پڕبکاتەوە، ئەوکات ئەو کێشەیە لە تیپەکەدا نامێنێت.

واز لە کڕین بهێنە و تەماشای فرۆشتن بکە، رۆژ نییە یاریزانێکی ریال مەدرید نەبێتە باسوخواس بۆ رۆیشتن، سەرەتا مارسیلۆ، بەیڵ و پاشان بێنزیما و ئێستاش کۆڤاسیچ، ئەگەر ئەمانە راستن بن، دیارە وەرزی داهاتوو لۆپیتیگی راهێنەر و پێرێزی سەرۆک خۆیان یاریدەکەن، دەنا کەی لۆژیکییە یانەیەک زیدان و رۆناڵدۆی لە هاوینێکدا لەدەستدابێت، ئێستا دەرگای چوونە دەرەوە بۆ ئەستێرەیەکی دیکە بکاتەوە.

لە بارسێلۆنا باس لە گورموگوڕی هەوڵەکانی ئەو یانەیە دەکرێت بۆ هێنانی ویلیانی بەرازیلی، دەگوترێ کۆتینیۆ لە پشت کۆی کارەکەوەیە، باشە یانەیەک ساڵێک لەمەوپێش زیاتر لە ١٠٠ ملیۆنی بە دیمبلێ دابێت بۆ ئەو شوێنە، ئێستا ویلیانی بۆچییە؟ ئەمە یەکێکی دیکەیە لەو هەواڵانەی کە دەکەوێتە ژێر یەکێک لە دوو ناونیشانەکەی سەرەوە، یان درۆی رۆژنامەکان، یان شێتیی کارگێڕیی یانەکان.

بارسا پاولینیۆ و ئینێستای لەدەستداوە، کەچی خەریکی یاریزانی باڵە. ئاستی سوارێزی دابەزیوە و بۆسکێسی بەتەمەندا چووە و پیکێی خۆرلێی ئاوا بووە، کەچی بیر لە فرۆشتنی یاری مینا دەکاتەوە، ئەمەش هەمووی دەچێتە ژێر یەکێک لە دوو ناونیشانەکەی سەرەوە.

بابچینە ناپۆلی، لەوێ دونیایەک یاریزان بە یانەکەوە پەیوەستکران، کە ئەنچیلۆتی داوایان دەکات. دونیایەک یاریزانیش بە ساری راهێنەری پێشووی یانەکەوە پەیوەستکران کە ئەو راهێنەرە دەیەوێ پەلکێشی لەندەنیان بکات. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە بەپێی میدیاکانی ئینگلتەرا بێت، ویلیان دەچێتە بارسا، کۆرتوا و هازارد دەچنە ریال، فابریگاسیش دەچێتە ئینتەرمیلان و یاریزانی دیکەش هەن لەو نێوانەدا باسی رۆیشتنیان دەکرێت، بەڵام بەرێژەی کەمتر. ئەگەر ئەمانە راست بێت، کەواتە لەوانەیە ساری گرێبەستەکەی لەگەڵ چێڵسیدا وابێت کە بۆ وەرزی داهاتوو، هەم راهێنەر و هەم یاریزانیش بێت.

ئەوەی لە پەیوەست بە چێڵسی و ناپۆلییەوە گوتران، قسەکانی دی لاورێنتسی سەرۆکی یانە ئیتاڵییەکە یەکجار جوان بوون، کە بەلاقرتێکردن بە دۆخەکە گوتی: دیارە ساری دەیەوێ هەموو ناپۆلی بباتە چێڵسی.







RÛDAW
www.rudaw.net
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ئاکار جەلیل
هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە